# محەمەد عزەدین باسی چوار پەرتووکە تازەکەی دەکات

دوای ئەوەی پەرتووکی (بیرەوەرییەکانم)ی مووسا عەنتەرم لە تورکییەوە کردە کوردی و ساڵی ٢٠٢١ بڵاوم کردەوە، ساڵی ٢٠٢٢ پەرتووکی (یادەوەرییەکان)ی ئیسماعیل بێشکچیم کردە کوردی و بڵاوم کردەوە. ئەم دوو پەرتووکەی سەرەوەی چاپی یەکەمیان لە ماوەی چەند مانگێک لە بازاردا نەما، بەشێوەیەک پەرتووکی (بیرەوەرییەکانم)ی مووسا عەنتەر بۆ جاری سێیەم چاپ کرایەوە.

لە دوای ئەم دوو پەرتووکەی سەرەوە، ئەمساڵ واتا ساڵی ٢٠٢٣ بەیەکەوە چوار پەرتووکی وەرگێردراوم کردە کوردیی ناوەندی و بڵاوم کردنەوە. پەرتووکەکان لەمانەی خوارەوە پێک هاتوون:

## ١ ژیانی "مەلا سەعیدی کوردی"، لە نووسینی عەبدولڕەحمان نورسی

ئەم کتێبە لەبارەی ژیانی مەلا سەعیدی کوردییەوە، بەراورد بەو پەرتووکانەی دیکەی لەسەر ژیانی ئەو کەسایەتییە نووسراون، لە دوو خاڵی گرنگدا جیاوازە:

یەکەم: ئەم پەرتووکە لەلایەن عەبدولڕەحمان نورسی برازای مەلا سەعیدەوە نووسراوە. لەبەر ئەوەی نووسەریش زۆربەی کاتەکان لەگەڵ مەلاسەعید بووە، بۆیە زانیارییەکانی ناو ئەو کتێبە لەبارەی مەلا سەعیدەوە لە زاری کەسی یەکەمەوە دەخوێننەوە.

دووەم: زۆربەی ئەو پەرتووکانەی لەبارەی ژیانی مەلا سەعیدی کوردییەوە بە تورکی نووسراون و بڵاو کراونەتەوە، جگە لە پەرتووکە سێ بەرگییەکەی عەبدولقادر بادلی، لە زۆربەی ئەوانی دیکەدا ناوی کورد و کوردستان لە ژیاننامەی مەلا سەعید دەرهێندراوە. هەڵبەت ئەم بۆچوونە بۆ بەشێکی زۆری خودی کتێبەکانی مەلاسەعیدی کوردیش ڕاستە.

جگە لەو دوو خاڵەی سەرەوە، دەمەوێت ئەوەش بڵێم، بەشی زۆری پەراوێزەکان لەلایەن دەزگای بڵاوکراوەی (کەنت)ەوە نووسراوە. هەر پەراوێزێکیش کە لە کۆتاییەکەیدا وشەی (وەرگێر)ی تێدا نووسرا بێت، بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیاترمان لەسەر مژارەکەدا بێ، نووسیوومانە. لەپاڵ ئەمانەی سەرەوە، دەمەوێت ئەوەش بێژم، لە بەشی پاشکۆدا هەر سێ ناونیشانی (ئەی کوردینە!) و (نهێنییەکی إنّا أعْطيْنَا) و (سەعیدی نورسی - کوردی) لە پەرتووکە ئۆرجیناڵەکەدا نییە و ئێمە بەباشمان زانیوە بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەران بە ژیان و بۆچوونەکانی مەلا سەعیدی کوردی لە پاشکۆی ئەم کتێبەی دابنێین.

ئەم پەرتووکە بە تورکی و کورمانجی تا وەکوو ئێستا شەش جار لەلایەن وەشانخانەی (نوو بەهار) و چەندان دەزگای بڵاوکردنەوەی دیکە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. یەکەم جارە کتێبەکە بە شێوەزاری سۆرانی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. جگە لەمانە، لە چاپە کوردییەکەدا، دکتۆر سەید ئەحمەد پێنجوێنی پێشەکیی بۆ وەرگێڕانە کوردییەکە نووسیووە.




## ٢ مەکتووب بۆ ئەتاتورک، جەلادەت عالی بەدرخان

ئەم پەرتووکە بە زمانی تورکیی عوسمانی لەلایەن نووسەرێکی گەورەی گەلەکەمان لە باکووری کوردستان نووسراوە. پەرتووکەکە، نامەیەکی جەلادەت عالی بەدرخانە و بۆ ئەتاتورک نێردراوە. دواتر لە دوو توێی پەرتووکێکدا بڵاو کراوەتەوە. ئەم پەرتووکە نزیکەی دوو ساڵ بە کاری وەرگێڕانییەوە مژوول بووم. کارەکە تا بڵێی هیلاکی کردم، چونکە هەم لە تورکیی عوسمانلییەوە کردمە کوردیی ناوەندی،

هەمیش، جەلادەت عالی بەدرخان خاوەن زمانێکی ئەدەبیی باڵا بووە و نووسینەکەی لە ئاستێکی زۆر باڵای زمانەوانیدا نووسیوە. ئەم پەرتووکە رەخنەیەکی جددییە لە سیستەمی کەمالیزم. چونکە زۆر بەوردی باسی سیاسەت، کۆمەڵگا و زمان لە باکووری کوردستان و تورکیا دەکات. پەرتووکەکە دوایین چاپی لەلایەن وەشانخانەی ئاڤێستا لە باکووری کوردستان بڵاو کراوەتەوە. پەرتووکە یەکەم کیتابی جەلادەت عالی بەدرخانە کرابێتە کوردیی ناوەندی.




### ٣ برینا رەش، مووسا عەنتەر

ئەم پەرتووکە لەلایەن مووسا عەنتەرەوە نووسراوە، ژان دۆستی رۆماننووس، پێشەکیی بۆ دەقە سۆرانییەکە و محەمەد ئۆزوونیش پێشەکیی بۆ دەقە کورمانجییەکە نووسیوە. ئەم پەرتووکە لە کورمانجییەوە کراوەتە کوردیی ناوەندی. کتێبەکە لە باکووری کوردستان، دوایین چاپی لەلایەن وەشانخانەی ئارامەوە بڵاو کراوەتەوە. کتێبەکە دەقێکی شانۆییەوە و مووسا عەنتەر لە زیندانی تاکەکەسیی حەربییە لە ئیستانبوڵ نووسیویەتی. سەبارەت بە ناوەرۆکی پەرتووکەکە ژان دۆست دەڵێت: "لە سەردەمی لاوییەتیم و لە دەستپێکی سەرقاڵبوونم بە کاروباری وێژە و نووسیندا، ناوی ئاپێ مووسام بیست. کتێبی (برینا رەش) یەکێک لە نووسراوە گرنگ و بەهێزەکانی بوو، لەوێ دەمێدا بە کورمانجی خوێندمەوە. لێرە نامەوێ باسی ئەو دەقە شانۆیی‌یەی بەردەستتان بکەم، چونکە دوای هەڵدانەوەی چەند لاپەرەیەک، ئێوە خۆتان دەیخوێننەوە و تێدەگەن مەبەست و ئامانجی ئەو دەقە جوانە و، کارەکتەر و بەسەرهاتەکانی چییە؟ بۆیە گەرەکمە زیاتر باسی ئەو نووسەرە تێکۆشەرە بکەم، کە شوێنێکی گرنگی لە وێژە و ئەدەبی کوردیدا هەیە.

مووسا عەنتەر یەکێک لەو کەسانەیە کە بە هیچ شێوەیەک بیر و باوەڕەکانی لەگەڵ ژیانی ئاسایی لە یەک جیا نەبووە. ئەو خەباتکارێکی گرنگی زمانی کوردی بووە و، هەوڵی داوە ئازادی بۆ گەلی کورد بەدەست بێنی. لەپێناو بیر و بۆچوون و باوەڕەکەشیدا، زۆر قوربانیی گەورەی داوە و ساڵیانی ساڵ، کەوتووەتە ناو زیندانەکانی دەوڵەتی تورک. جا ئێمە ئەوەش دەزانین، هەر لەو رێگایەشدا کۆتایی بە ژیانی هێنرا و، بەناحەق و بەغەدرەوە کوژرا.

مووسا عەنتەر، کۆمەڵگای کوردیی باکووری کوردستان زۆر بەباشی دەناسی. دەیزانی دەردی کوردان لە باکوور چییە و چۆنیش چارەسەر دەبێت. بۆیە، بە نووسین و وتارەکانی، کە زیاتر لە رۆژنامەی (ئازادیا وڵات) بڵاو دەبووەوە، ئەدەبیاتی کوردیی دەوڵەمەندتر کرد. ئەو چالاکیی رێگای ئاشتی و ئازادی و بەرەوپێشبردنی گەلی خۆی بوو. بۆیە، هیچ کاتێک ئامادە نەبوو بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی، دەست لەو دۆز و مافە رەوایانەی باوەری پێیەتی، هەڵبگرێ. هاوینی ساڵی ١٩٩٢، مووسا عەنتەرم لە ئیستانبوڵ دیت. لەبیرمە لەوێ دەمێدا چووومە ماڵەکەی، بوومە میوانیان و چەند دەمژمێران بەیەکەوە ماینەوە. ئەو کەسێکی میواندۆست و کوردێکی رەسەن و مرۆڤێکی خۆشمەشرەب بوو. وەک چۆن لەسەر درێژەدان بە بیروباوەرە کوردەوارییەکەیشی پێداگر و توند بوو. ئاخافتنی ئەو، لەبارەی مێژوو، جڤات، سیاسەت و ئەدەبیات، بە شێوەی حەنەک و قسەی خۆش و گێرانەوەی بەسەرهاتی سەیروسەمەرە، ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەبوو و، ئیدی ئەم شێوازە بووە پەنجەمۆری ئەو.

مرۆڤ، دوای بینینی مووسا عەنتەر، لە

ماوەیەکی زۆر کەمدا هەستی بەوە دەکرد کەسێکی زۆر گەورەیە و مرۆڤێکە لەناو مێژوویەکی پڕ ژان و دەرد و کەسەر. وەلێ سەرباری هەموو ئەمانە، ئەو بەردەوام ئومێدبەخش بوو. وەک چۆن خۆشی، پارچەیەک بوو لە ئومێد و هیوا.
دوو مانگ دوای ئەو دیدارەی نێوانمان، هەواڵی کوشتنی ئاپێ مووسام لە کەناڵێکی تورکیدا بینی. بەڕاستی سەرەتا نەمدەویست باوەڕ بکەم، وەلێ نووچەکە ڕاستییەکی تاڵ بوو و دەبوو دانی پێدا بنێم.
مووسا عەنتەر، لەگەڵ ئەوەی لە ژیانیشدا نەماوە، وەلێ ئەو هێشتا هەر زیندووە. جا هزر و ئاخافتن و ژیانە پڕ بەرهەمەکەی بۆ ئێمە چرایەکە، ڕووناکیمان دەداتێ و برینی ڕێگاکانمان بۆ ئاسان دەکا. جا بەهۆی ئەوەی من تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لەژێر هەژموونیی ئەو خیانەتەم کە لە ئاپێ مووسا کرا. بۆیە، ڕووداوی کوشتنەکەیم هێنا ناو یەکێک لە ڕۆمانەکانم بەناوی (ئەوان چاوەڕێی کازیوەن). لەگەڵ ئەوەشدا، لەو باوەڕەدام ژیانی ئاپێ مووسا شایەنی ئەوەیە ببێتە ڕۆمانێکی سەربەخۆ و تایبەتیش.
وەرگێڕانی کتێبی (برینا ڕەش)ی محەمەد عزەدین دوای خوێندنەوەی دەقە وەرگێردراوەکە بۆ دیالێکتی سۆرانی، دەتوانم بڵێم کارێکی فرەجوان و وردە. خوێنەرانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، لەو ڕێگەیەوە زیاتر مووسا عەنتەر دەناسن. جا خوێندنەوەی (بیرەوەرییەکان)ی مووسا عەنتەر، کە ئەویش لەلایەن کاک محەمەد عزەدینەوە کراوەتە کوردی و ئێستا منیش لەبەردەستمە و دەیخوێنمەوە؛ خوێنەر ئاشنای تەواوی ژیانی ئاپێ مووسا و هزر و بۆچوون و بەسەرهاتەکانی دەکات. بە خوێندنەوەی (برینا ڕەش)یش خوێنەری کورد شارەزای توانا ئەدەبییەکانی موسا عەنتەر دەبێ، کە چۆن ئەو دەرد و برینانەی پێچاوەتەوە و لە شێوازی دەقێکی ئەدەبی خستوویەتە ڕوو.
من دەستخۆشی لە محەمەد عزەدین دەکەم، ئەگەرچی دوو دیالەکتیکی یەک زمانیشن، ئەو بەرهەمە گرنگە کلاسیکییەی لە کورمانجییەوە کردووەتە سۆرانی. بەو هیوایەم ئەو جۆرە کارانە درێژەیان هەبێ و شوێنی خۆی لەناو کتێبخانەی کوردی و لە دڵی خوێنەراندا بکاتەوە.
هەر سەبارەت بە هەمان بەرهەم، محەمەد ئوزوون لە پێشەکیی دەقە کورمانجییەکەدا دەڵێت: " ئاپێ مووسا خۆی لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی "ئەو کتێبەم ساڵی ١٩٥٩، ئەوکاتەی لە زیندانی تاکەکەسیی ژمارە ٣٨ی گرتووخانەی حەربییە، لە ئیستانبوڵ دەستگیر کرابووم، نووسی".
مادام وایە، با بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی پێش نووسینی ئەو کتێبە: لەوێ دەمێدا، سەرجەم شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کورد لە ساڵانی (-١٩٣٠-١٩٢٨-١٩٢٥ ١٩٤٢-١٩٤١-١٩٣٨-١٩٣٦...) سەرکوت کرابوون. کورد بەرەوڕووی دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەری هەمەگیر بووەوە. لەسەر خاکی کوردان، دووکەڵی ئاگرێکی بەتینی بەردەوام بەری ئاسمانی گرتبوو. ترس و بێباوەڕی و نیگەرانی، لە هەموو شوێنێک، باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشابوو. بە سەدان و هەزاران ڕووناکبیر و کەسایەتیی دیاری کورد کوژران، لەنێو بران و لە وڵات بەدەر کران. زمانی کوردی و هەر شتێکی دیکەی پەیوەندیی بە زمانی کوردییەوە هەبووایە، قەدەغە کرابوو. کوردی قەڵەندەر، خنکاوی دەریای پرسە و شین و شەپۆڕێکی بێبن بوو. وێرانبوونی نیشتمان و ئەو بارودۆخەی تێی کەوتبوو، کوردی بێچارەی خستبووە دەریای هەژاری و مەرگ و ئەسرینەوە.
لە سەروبەندێکی وەهادا، گوتنی "من کوردم" هەر خۆی لە خۆیدا مەردایەتییەکی زۆر گەورە بوو. مووسا عەنتەریش لەژێر ئەو سیاسەتە داپڵۆسێنەرە قورس و دۆخە گرانانەدا، شانۆنامەکەی خۆی بە کوردی نووسی. نەخاسمە ئەو کارەیشی لە زیندانێکی سەربازیدا کرد.
دەقە ئەدەبییەکان، لە ڕووی مانا و گرنگییەوە، پەیوەندییەکی تایبەت و بەهێزیان بەسەردەمەکانی خۆیانەوە هەیە. سەردەمی وەها بووە، نووسینی ڕستەیەک، یان نووسینەوەی چەند وشەیەک وەک شۆڕشێک وا بووە. بۆیە، کارێکی وەها بە شەڕەفێکی گەورە داندراوە. لەکاتێکدا،

سەردەمی وەهاش هەبووە، نووسینی چەندان بەرگی کتێبیش هیچ گرنگییان نەبووە. بۆیە ئەوەی (برینا ڕەش)ی مووسا عەنتەری کردووەتە دەقێکی زۆر گرنگ و نەمری کردووە، تایبەتمەندییەکانی سەردەمی نووسینی ئەو شانۆنامەیەیە. لە سەردەمێکدا کەس نەیدەوێرا بڵێ کوردم و نەدەتواندرا ڕستەیەکیش بە کوردی بنووسرێ، مووسا عەنتەر لەناو زیندانێکی سەربازی لە ئیستانبوڵ، شانۆنامەیەکی کوردیی زۆر مانادار و جوان دەنووسێ.

گەر بەهەڵەدا نەچووبم، (برینا ڕەش) لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ەوە، جگە لەو شیعر و داستانە پارچەپارچە و پرشوبڵاوانەی لەولا و لەملا بڵاو دەبوونەوە، یەکەم کتێبی کوردییە چاپ و بڵاو کرابێتەوە. وەلێ (برینا ڕەش) وەکو کتێب، یەکەم کتێبە کە بە کوردی نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەشەوە، ئەم دەقە، لەناو مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا خاوەنی پێگەیەکی گرنگە.

لە کولتوور و فەرهەنگ و تەجرەبەی نەتەوە پێشکەوتوو و ڕۆشنبیرەکانی دیکەی دنیارا دەزانین، مرۆڤی ڕووناکبیر ئەو کەسەیە، هەنگاوی نوێ داوێ و ڕێگا ڕووناک دەکاتەوە و دەبێتە ڕێپیشاندەری گەلەکەی. جا کە ڕێگایەکی تازەش دەکاتەوە، زانیاری و زانستی لەسەر ئەوە زۆرە، تا چۆن بتوانین بەو ڕێگایەدا گوزەر بکەین. وەلێ بێ هیچ گومانێک، لە هەمووی بایەخدارتر، کردنەوەی ڕێگایەکی تازەی دەرچوونە بۆ گەلەکەی.

سەرباری ئەو هەموو تەوژمە نەرێنی و زەحمەتییانەی هەبوون، وەبەرهێنانی دەقی باڵا پێویستییەکی ناچاری بوو. مووسا عەنتەر و (برینا ڕەش) وەک نموونەیەک بەقەد ئەوەی دەقێکی پێویستی ناچارین، ئەوەندەش خاوەن کەرامەت و باڵابەرزین. مووسا عەنتەر لە پێشەکیی دەقەکەیدا دەڵێ: "برینی ڕەش لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات[1] زۆرن. هەر لە باپشکێو و وەرەم و گولی[یەوە] بگرە، تا چەندان نەخۆشیی دیکە؛ لە هەمووشی گرانتر و هەش بەسەرتر، نەزانی و فەقیرییە". جا ئەو شانۆگەرییەی مووسا عەنتەر بۆ ئەو برینە ڕەشانە، وەک دەرمانێکە. جەهالەت و هەژاری، بۆ هەموو گەل و نیشتمانێک، برینێکی ڕەشی سەختە. جا ئەو برینەش، هۆکارێکە بۆ ئەو گەلە تا بەردەوام هێسکی بشکێندرێ و وەک دیل مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و ڕێ لە پێشکەوتنی بگیرێت. دەرمان و چارەسەریی هەژاری و جەهالەتیش، شارستانییەت، پەروەردە، خوێندنەوە، نووسین و ڕووناکبیرە ڕێگا ڕۆشنکەرەوەکانین. عەنتەریش بە پشتبەستن بەو بنەمایە، بناغەی سەرەکیی شانۆنامەکەی لەسەر خوێندەواری دارشتووە. وەک چۆن بە زمانێکی ڕەوانی کوردیش، باس لە نەداری و جەهالەتی کۆمەڵگای کوردی دەکا. گوندی زۆراڤا و ژیانی زینۆ، برۆ و پەیوەندییە خێزانییەکانی کۆمەڵگای کوردی بێچارە، نموونەی ناو شانۆنامەکەنی. لەلایەکی دیکەشەوە، بەدۆی کوڕی زینۆ و برۆ، نموونەی ئەو ڕووناکبیرەیە کە نووسەر ئامانجیەتی بیکاتە کارەکتەری سەرەکیی شانۆنامەکەی. بەدۆی خاوەن کارەکتەری سەرەکیی شانۆنامەکە، ئومێدی داهاتووی گەلی کوردە. بەدۆ، دوای تەواوکردنی خوێندن، دەبێتە دکتۆر و دەست بە پێچانەوەی برینەکانی گەلی کورد دەکات و دەبێتە دەرمانێک بۆ چارەسەریی تەواوی برینە ڕەشەکان.

یەکەم جار، ساڵی ١٩٧١، مووسا عەنتەرم لە بەندیخانەی سەربازیی دیاربەکر دیت. لەوێ دەمێوە، یەکەم هەست و باندۆر کە مووسا عەنتەر لەسەر منی بەجێ هێشت، ئەمە بوو "خەم و کەسەر". زۆر بە خۆی و دۆخەکەی دڵتەنگ و بێتاقەت بووم... من لەوێ دەمێدا گەنجێکی تەمەن ١٨ ساڵان بووم. ئەویش ئاپۆیەکی تەمەن ٥٥ ساڵان. عەنتەر ئەودەمی قژەکانی سپی ببوون. تەمەنی لاوی و ناوەڕاستی تەمەنی جێ هێشتبوو و بەرەو ئیختیاری هەنگاوی دەنا. کاتێک زیاتر و لە نزیکەوە ناسیم، تێگەیشتم زۆر بەهەڵەدا چوومە. چونکە مووسا عەنتەر بەدڵنیاییەوە هۆکاری خەمبار بوونی مرۆڤ نەبوو. بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەو بەردەوام ئومێد و بەرخۆدانی لە ناخی مرۆڤەکان دەچاند.

مووسا عەنتەر، بە وتە و کارەکتەر و کردارەکانی، ئومێد و بڕوا و گەرمییەکی بە بەندیخانە دەبەخشی. ئەو بەندیخانەیەی دەبوو تژیی ترس و دوودڵی و نائومێدی بێ، عەنتەر کردبووی بە شوێنێکی زۆر پێچەوانەی ئەوە. ئیدی زیندان بۆ ئەو ببووە شوێنی پەروەردە و کەیف و خۆشی. گرتووەکان هەر کاتێک بێتاقەت و دڵتەنگ و نائومێد بانا، دەچوونە لای مووسا عەنتەر، ئەویش بە گاڵتە، چیرۆک، گۆرانی، حیکایەت و بەسەرهاتەکانی، هەرچی هەستی تاریک و ناخۆش هەیە، لەلای دەرەواندنەوە. چونکە نووسەری (برینا ڕەش) بەردەوام بەدوای ئەو ئامانجانەیدا بوو، کە لەناو شانۆگەرییەکەیدا نووسیویەتییەوە. (برینا ڕەش)، لەناو مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا خاوەنی پایەیەکی بەرزە. هەوڵ و تەقەللای شانۆنامەکە، هەوڵی هەستکردن و زانینە بۆ ئەوەی سوودێکی گەورە بە گەلی کورد بگەیەنێت، بۆیە بایەخێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەیە. هەموو ئەمانە وا دەکات بڵێین، بەدڵنیاییەوە نابێ مووسا عەنتەر لەبیر بکرێ، بۆ ئەمەش دەبێ بەردەوام کتێبەکانی چاپ بکرێنەوە و بخرێنە بەر دیدی خوێنەران.‌"




## ۴ کورتەی ژیانم، ئەکرەم جەمیل پا شا

ئەم پەرتووکە یەکێک لە پەرتووکە ناوازەکانی، سیاسەتمەدارێکی ناوداری کوردی دەوڵەمەندی بە بنەچە دیاربەکرییە. ئەکرەم جەمیل پاشا کەسێکی زۆر دیار و ناوادارە لە باکووری کوردستان، بەڵام بەداخەوە تا وەکوو ئێستا، زۆر کەس لە باشوور و ڕۆژهەڵات نایناسن. ئەم پەرتووکە لە تورکییەوە کردوومەتە کوردیی ناوەندی. یەکەم پەرتووکی وەرگێڕدراوی ئەکرەم جەمیل پاشاشە بۆ سەر زمانی کوردی.

